ئێران ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئیسرائیل لەگەڵ کاتژمێرەکانی داهاتوودا



ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی لەزاری دوو بەرپرسی باڵای ئەمەریکی و ئێرانییەوە بۆاویکردەتەوە، کە تاران ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئیسرائیل لەگەڵ کاتژمێرەکانی داهاتوودا، وتەبێژی سوپای ئیسرائیلیش دەڵێت، "ئێمەریکا ئێمەی ئاگادارکردووەتەوە کە ئێران بەنیازە هێرشی موشەکی بکاتە سەر وڵاتەکەمان".

جگە لەو دوو سەرچاوەیەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی بۆ ئاژانسی ئەکسیۆس ڕاگەیاندووە، ئێران ئامادەکاری دەکات بەمزووانە هێرشی موشکی بالیستی بکاتە سەر ئیسرائیل.

ئەو بەپرسەی باڵایی ئەمەریکا دەڵێت، "ئێمە چالاکانە ئامادەکاری دەکەین بۆ بەرگریکردن لە ئیسرائیل لەبەرامبەر هێرشی چاوەڕوانکراوی ئێران".

ئاماژەی بەوەشکردووە، هەر هێرشێکی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، لەکۆتەو سزای توندی بۆ سەر تاران لەدەکەوێتەوە.

ئیسرائیل لەهێرشێکە چاوەڕوانکراوەکە ئاگادارە، دانیاە هاگاری، وتەبێژی سوپای ئیسرائیل ئاماژەی بەوەکرد، واشنتن لەهێرشی ئاسمانی ئێران ئاگاداریکردوینەتەوە.

ئەو بەرپرسی ئیسرائیل ئاماژەی بەوەشکرد، هەر هەڕەشەکی ئێرانی دژی ئەنجامی کارەساتباری بە ئێران لەدەکەوێتەوە وەاتەکەی بە بەرگری ئامادەیە.

ئەوەش لەکاتێکدایە، بەرەبەیانی ئەمە سەشەممە، سوپای ئیسرائیل دەستپێکردنی هەرشی وشکانی سنووورداری بە باشووری لوبنان ڕاگەیاند و وتبەژەکەی سوپای ئیسرائیل لەوبارەیەوە وتی، "ئێگەر لوبنان و وەاتانی جیهان نەتوانن حیزبوڵا لەسنورەکانمان دوربخەنەوە، هیچ بژاردەیەکمان نامێنێت جگە لەوەی خۆمان ئەو کارە بکەین".

دانیال هاگاری ئەوەشی وت، "ئێم هەمەتە زەمینییە مەگەکانی حیزبوڵا دەکاتە ئامانج کە هەشە لەشارچکەکانی ئیسرائیل و یەکەکانی نیشتەجێبون لەسەر سنوورمان دەکات، حیزبوڵا گوندەکانی لوبنانی لەتەنیشت گوندەکانی ئیسرائیل کردووەتە بنکەی سەربازی، هەمویان ئامادەن بە هەرشکردنە سەر ئیسرائیل".